ئەم لاپەڕەیە بە سپۆنسەری کۆمپانیای نالیا چاپو بڵاودەکرێتەوە

نالیا . بۆ وەبەرهێنانی خانوبەرە

# قەرەیلان: ئەوانەی پشتیوانی لە"کرانەوەی دیموکراتیکی"AKP" دەکەن خائینن

ئا: کەمال چۆمانی

**موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان، لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە "کرانەوەی دیموکراتیک" تەنها بۆ تەسفییەکردنی PKKو بزاڤی رزگارییخوازیی کوردەو بەم جۆرەی ئێستا، PKK پشتیوانیی لێناکات.**



**ئاوێنە:** دوا پلانی PKK چییە بۆ روبەڕوبونەوەی تورکیا لە ئێستادا؟ ئایا ئێوە لەگەڵ حکومەتدا هاوکار دەبن بۆ بەرەوپێشبردنی کرانەوەی دیموکراتیک یان دژایەتیی ئەکەن؟ بەتەمای چین بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتەی کە هەیە لەدەستنەدرێت؟

**قەرەیلان:** ئەو سیاسەتەی AKP لەسەر گەلی کورد بەڕێوەیدەبات سیاسەتێکی دوروویی‌و دروستی تێدانییە، دەیەوێت کوردان فریووبدات، کوردان پارچە بکاتو بەریانداتە گیانی یەکترو بەو شێوەیە ئەنجام بگرێت. ئەوە ئەو سیاسەتەیە کە بەپێشەنگی AKP بەڕێوەدەچێت. ئەوە سیاسەتی AKP نیە بەڵکو سیاسەتی دەوڵەتی تورکیایە. بۆ نمونە ٥ رۆژ لەمەوبەر کۆنسەی ئەمنییەتی نەتەوەیی تورکیا کۆبونەوەییێکی بەست، بڕیاری داوە کە لەدژی PKK بەهەموو شێوەیەک شەڕبکرێتو PKK پاکتاو بکرێتو بۆ ئەو مەبەستەش (کرانەوەی دیموکراتی) پێویستە بەردەوام بکات. ئەوە بڕیاری کۆنسەی ئەمنییەتی نەتەوەیی تورکیایە. AKP پێشەنگایەتی ئەوە دەکات. AKP بۆ خۆشی دەڵێت ئەوە سیاسەتی دەوڵەتە. بەڵام کە شوێنی دێت دەڵێت ئێمە دەمانەوێت کە هەندێ شتی زیاتریش بکەین بەڵام ئارتێش ناهێڵێت. ئەوە راست نییەو AKP درۆ دەکات. بەنیسبەتی پرسی کورد AKP شتێکی جیاواز ناخوازێت. بۆیەش پرۆژەی کرانەوەی دیموکراسی (بەو شێوەیە کە بەڕێوەدەچێت) سیاسەتی پاکتاوکردنی تێکۆشانی ئازادیخوازی گەلی کوردەو ئێمە لەگەڵی نین. داوامان ئەوەیە کە هیچ سیاسەتمەدارێکی کورد پشتیوانی ئەو سیاسەتەی AKP نەکەن. چونکە لەو سیاسەتەدا چارەسەری نییە بەڵکو سیاسەتی پاکتاوکردنە، ئەوە لەکردەوەشدا سەلمێنراوە. ئەگەر ئەو سیاسەتە بەوشێوەیە بەردەوام بکات بەواتای فراوانبونی سیستەمی شەڕی تایبەتەو لە بەرامبەر ئەوەش ئێمە بەناچار پێویستە ئامادەکاری خۆمان بکەین.

**ئاوێنە:** گلەیی ئەوە لەPKK دەکرێت کە لێناگەڕێ حکومەت نەفەس بداتو دژایەتیی لەرادەبەدەری حکومەت دەکات؟ گلەیی ئەوە لەPKK دەکرێت کە BDPشی کۆنترۆڵ کردووە؟

> **AKPو میدیا هەوڵدەدەن دیمەنێکی وەها دروستبکەن کە تورکیا بەرەو دیموکراسی دەچێت**

**قەرەیلان:** بەڵێ ئاگادارین کە چەندین لایەنی شەڕی تایبەتی لەتورکیا تێڕوانینێکی بەو شێوەیە پێشدەخەن. دیارە ئەگەر لەباشوری کوردستانیش هەندێ دەوروبەر بەو شێوەیە بیربکەنەوە، ئەوە شتێکی هەڵەیە. لەراستیدا دەوڵەتی تورک دەخوازێت کە کوردان بەدەستی AKP سەرقاڵ بکاتو سیاسەتی پاکتاو کردنی خۆی بەڕێوە ببات. بۆ ئەوەی کوردان سەرقاڵ بکات، چاوەڕوانیو هیوایەک دەداتە خەڵکو دەڵێن راوەستن هەنگاو دەنێن، با بفەرمون هەنگاو بنێنو هەنگاوێکی بەکردەوە هەڵێننەوە. ئێمە سیاسەتی بەپەلە ناکەینو ناڵێین کە پرسی کورد لەشەش مانگدا چارەسەر دەبێت. دەزانین کە چارەسەری ئەو پرسە کاتی دەوێت بەڵام تەنیا بەقسەکردنی بەبێ هەنگاوی پراکتیکی نابێت. سەیر کەن ئەوانە هەمیشە کوردیان فریوداوە، لەکاتی سەرهەڵدانی دێرسێمدا، سەید رەزا کاتێک بردیانە بەر سێدارە، لەوێ قسەیەکی هەیە کە بایەخێکی مێژوویی هەیە کە بۆ دەوڵەتی تورکیای کردووە. شەهید سەید رەزا بەدەوڵەت دەڵێت؛ ئێمە پێمان نەکرا کە سەرودەری درۆیەکانی ئێوە بکەین با ئەوە دەرسێک بێت بۆ ئێمە، بەڵام ئێمەش ملمان بۆ ئێوە کەچ نەکرد، با ئەوەش بۆ ئێوە دەرسێک بێت. ئەمرۆکەش دەیانەوێت ئێمە فریو بدەن، بەڵام ئێمە وەکو PKK ناخڵەتێینو فریو ناخوێن. بۆیەش پروپاگەندە دەکەنو دەڵێن PKK زۆر بەپەلە نزیک دەبێتەوە، PKK پێویستە دەرفەت بدات، ئەو کێشەیە وا زو چارەسەر نابێت. باشە AKP ئەوا هەشت ساڵە دەسەڵاتە، لەو هەشت ساڵەدا لەکوردستاندا چی کردووە. هیچ شتێکی نەکردووەو ئێستا کە لەبەرامبەر تێکۆشانی کورد تەنگاو بووەو لەئاستی نێونەتەوەییو نێوخۆییشدا سیاسەتی قڕکردنو نکۆڵیکردن ئیدی بەڕێوە ناچێتو لەبەرئەوە AKP دەرکەوتووەو بانگەشەدەکات کە چارەسەری دەکەم. دەی فەرموو بیکە بەڵام شتێک ناکات. لەراستیدا ئەوە پرۆژەیەکی شەڕی تایبەتەو دەیەوێت کوردان فریوبداتو کاریگەری لەسەر هەندێ دەوروبەری کورد بکات. بۆیەش هەندێ کەسی خائینی بۆ ماڵو سامان پارە، داوەتە پاڵ خۆی وەکو ئیحسان ئەسلان، میر دەنگیر فورات، عەبدولرەحمان کورتو کەسی لەو شێوەیە کە هەم دەڵێن ئێمە کوردینو هەمیش گەلەکەی خۆیانو دۆزی کوردیان فرۆشتوە، دەخوازێت سیاسەتی کورد لاڕێ بکەنو کوردانیش بخڵەتێنینو بەو شێوەیە گەلی کورد هەم سەرقاڵو خەریک بکەنو هەمیش لاوازیان بکەن. دیارە گەلی کوردو PKKش ئەو سیاسەتەی ناسیوەو ناکەوێتە ئەو داوەوە بۆیەش ئەوانە دەڵێن PKK زۆر پەلە دەکاتو ئەوە راست نییە.



رەفتاری پۆلیسی تورکیا بەرامبەر ژنە خۆپیشاندەرێکی کورد لەئەستەمبوڵ

AFP

**ئاوێنە:** ئەو شەپۆلەی دەستگیرکردنەی ژەنەڕاڵە تورکەکان وایکردووە وردە وردە سوپا بکەوێتە پەراوێزەوە لەتورکیا، PKK چۆن ئەڕوانێتە ئەو دەستگیرکردنانە؟ ئایا هەست ناکەیت رێککەوتنێک هەیە کە لەبەرامبەر بێدەنگبونی سوپا لە هەمبەر دەستگیرکردنی ئەندامانی گروپی تیرۆریستی ئەرگەنەکۆن حکومەتی AKP ئەو ئۆپەراسیۆنانە ئەنجامدەدات بۆئەوەی چاوی سوپای پێببەستێت؟

**قەرەیلان:** نەخێر، ئەو ئۆپەراسیۆنە لەلایەن یەک ناوەندەوە بەڕێوەدەبرێت، دیار دەبێت کە هێزی نێونەتەوەیی پشتیوانی لێوەدەکەنو دەخوازن دەوڵەتی تورکیا سەرلەنوێ داڕێژنەوە یان دیزاینی بکەن. لەپرۆسەی سەرلەنوێ داڕشتنەوەیدا چارەسەری پرسی کورد نییە. لەرابوردودا ئەرگەنەکۆنیان لەدژی گەلی کورد زۆر بەکارهێنا. ئەرگەنەکۆن ئیدی ئاشکرابووەو ئیدی بەکەڵکی دەوڵەتیش نایەتو مەبەستیان هەیە کە بیخەنە لایێکەوە. لەلایەکی ترەوە هەندێکی تریش کە هەوڵی کودەتای سەربازییان داوە هێدی هێدی بکێشنە نێو سیستەمەوەو لەگەڵ ئەوەش هەوڵدەدەن دۆزی تێکۆشانی ئازادیی کورد پاکتاوبکەن. ئەو پیلانە هەموی لەیەک ناوەندەوە ئاراستەو بەڕێوەدەبرێت. هەندێ کەس کە بەرەنگاری ئەو پیلانە دەبنەوە هەن، بەتایبەتی لەنێو ئارتێشدا، ئەوانە دیزاینی نوێ ناخوازن بەڵام لایەنگری پاکتاوکردنی تێکۆشانی گەلی کوردن. لەئارتێشدا باسکێکی بەو شێوەیە هەیە بەڵام گشتی نییە. ئێستا AKPو میدیا هەوڵدەدەن کە دیمەنێکی وەها دروستبکەن کە ئیدی لەتورکیا لەئارتێشیش حیساب دەخوازرێتو تورکیا بەرەو دیموکراسی دەچێتو وێنەیەکی وەها بەرای گشتیی نێونەتەوەییش بدەنە قبوڵکردن. لەلایەکی تریشەوە بزاڤی ئازادیخوازیی گەلی کورد پاکتاوبکەن. زۆر سەرنجڕاکێشە کە هەر کاتێک هێرش دەکەنە سەر سیاسەتی کورد، رێک لەهەمانکاتیشدا هێرشێک دەکەنە سەر ئەرگەنەکۆن، لەراگەیاندنو لەنێو رای گشتییدا ئەوەی ئەرگەنەکۆن دەخرێتە رۆژەڤو بەگشتی رۆژەڤی پێ ئیشغال دەکەنو گرتنی سیاسەتمەدارانی کوردیش لەنێو راگەیاندنو رای گشتییدا زۆر دەنگ ناداتەوەو بەو شێوەیە دەکەوێتە پەراوێزەوە. ئێستا زیاتر لە١٥٠٠ سیاسەتمەداری کورد کە هیچ دەستی لەچەک نەداوەو لەنێو چوارچێوەی یاسایی تورکیادا خەباتیان کردووەو لەلایەن گەلی کوردەوە هەڵبژێردراون، هەشت کەسیان شارەدارن، نزیکەی سەد کەس ئەندامی مەجلیسی شارەکانن، شارەدێیەکانو گوندەکانو هەمویان هەڵبژێردراون، وەکو خەتیب دیجلە کە سەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتیکە کە ئەو دەزگایە نوێنەرایەتی هەموو دەزگا دامەزراوەی کورد لەچوارچێوەی یاساییدا دەکات لەگشت باکوری کوردستانو تورکیا، هەموویان گرتون. ئەوە بەواتای قڕکردنی سیاسیە. دەتەپە لەبەرئەوە داخرا. بۆ نمونە ئەحمەد تورک کە بەرێبازی سیاسەتی مەعقول دەناسرا لەگەڵ ئایسەل توغلۆک قەدەغەی سیاسییان بەسەردا سەپێنراو لەپارلەمان دوورخرانەوە. تورکیا بەوشێوەیە دەیەوێت بەسیاسەتی قڕکردن لەگۆڕەپانی سیاسەتی دیموکراتییانەدا، دەرفەتی چارەسەری سیاسیی پرسی کورد بەگشتی پاکتاوبکات. ئەوەش بەشێوازێکی خائینانەو بێبەختیو بێحقوقی بەڕێوەدەبات بەڵام لەدونیادا هیچ کاردانەوە یان هەڵوێستێک نابینرێت، بۆچی؟ بۆ ئەوەی لەژێر سێبەری هێرشکردنە سەر ئەرگەنەکۆندا ئەوەی کرد. زۆر بەبەرنامەو پیلان کاردەکەنو دەڵێن گۆڕەپانی سیاسەتی کورد پاکتاو بکەین بەڵام با دونیا ئاگای لێنەبێتو کەس لێیتێنەگات. بۆیەش کەنگێ هێرش دەکەنە سەر کوردان، حەملەیەکی ئەرگەنەکۆنیش رێکدەخەن. لەو حەوتەیەی دواییدا حەملەییێکیان کردە سەر ژەنەڕاڵە خانەنشینکراوەکان، بەڵام هەر لەو حەوتەیەش زیاتر لە٥٠٠ کەسی کوردیش گیراون. خەڵک هەموی باسی گرتنی ژەنەڕاڵەکان دەکاتو کەس باسی گرتنی بەسەدان کورد ناکات. ئێمە دەڵێین ئەوە سیاسەتێکە کە بەئەنقەست لەگەڵ یەکو لەنێو یەکدا بەڕێوەیدەبەنو مەبەستیان هەیە کە تورکیا لەهەندێک چەمکی کۆن دوربخەنەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا سیاسەتی کوردیش پاکتاوبکەن. ئەوە ئاشکرایە. بەتایبەتی دەمانەوێت کە میدیاو راگەیاندنەکانی باشوری کوردستان بەوردبینییەکی تەواوەوە لەو بابەتە بڕوانێت کە تورکیا دەخوازێت لەژێر ناوی گرتنی چەند ژەنەڕاڵێکی خانەنشینکراودا سیاسەتی کورد پاکتاوبکات.

